کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# یەکەم بەرد

کوشتنی دوعا دەنگ دانەوەیەکی گەورەی هەبوو، ئەمەش سەیر نییە، ئەوەی دیمەنە دزێوەکانی ئەم تاوانەی دیبێت ئاستەمە خەم داینەگرێت و ویژدانی نەجولێت. دۆستۆیڤسکی دەڵێت: ***ئەگەر شەیتان بونی نەبێت و مرۆڤ خۆی دروستی کردبێت، ئەوا لەسەر شێوەی خۆی درستی کردووە.***

تاوانێکی لەم شێوەیە زەحمەتە لە مەخلوقێک بووەشێتەوە کە بە گوێرەی تەورات و قورئان لەسەر شێوەی ڕوخساری خوا خولڤێنراوە. هەر بۆیەشە هەمیشە ئەم تاوانانە وەک ***ئیڤانی کارامازۆڤ*** (**ڕۆمانە بە ناوبانگەکەی دۆستۆیڤسکی**) دەمانخاتە گومانەوە لە خالق. ئەرگومێنتی گەورەی **ئیڤان** بۆ ڕەت کردنەوەی بونی خوا ئازاری منداڵە. ئیڤان باسی منداڵێک دەکات کە بەبەر چاوی دایکی‌یەوە لە لایەن کۆمەڵێک سەربازەوە لە شیش دەدرێت و شێوەی یاری ئاسا کاتی پێ بەسەر دەبەن. هەر بۆیەشە ئەو پایە ئەخلاقی‌یە مەسیحی‌یە ڕەت دەکاتەوە کە دەڵێت: بەرامبەرەکەت خۆش بوێت. ئیڤان لای وایە مرۆڤ ئەوەندە بەرزو باڵا نی‌یە کە کارێکی وای لە دەست بێت، هەر بۆیەشە شایەنی ئەو هەموو ستایشە نی‌یە. ئەو واتا ئیڤان دەگاتە ئەوەی کە بڵێت: ***خەتایە کە دەڵێن ئادەمیزاد ئاژەڵێکی درندەیە، ئەمە بوختانە بۆ ئاژەڵ دەکرێت، ئاژەڵ وەک مرۆڤ درندە نی‌یە، ئەو لە کوشتنی نێچیرەکەیدا هونەر بەکار ناهێنێت.***
ڕەت کردنەوەی ئیڤان بۆ خوا رەت کردنەوەیەکی ئەخلاقی‌یە. ئەو لە حیکمەتی ئازار تێناگات و دەیخاتە ژێر پرسیارەوە.

**دوعا** بە گوێرەی هەموو یاساکان قۆناغی منداڵی تێنەپەڕاندبوو، هەر بۆیەشە ئەو کاردانەوە فراوانە شتێکی سەیر نی‌یە. فرۆید دەربارەی تاوان، پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە منداڵ بە حوکمی گەورەیەتی هەستی تاک ڕەوی تیایدا ئەوا زۆر

جار دەشێت چاوەڕوانی کاری زۆر تێک دەرانەیان لێ بکرێت. هەر بۆیەشە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە تاوانبار کەسێکی گەورەیەو بە شێوەی منداڵ ڕەفتار دەکات.
ئەو تاوانە دەستە جەمعی‌یەی بەجەستەی دوعا دەکرێت، بەردباران کردن، جنێو و وێنە گرتنی لە جەماوەرێکی کاڵ فام دەوەشێتەوە، کە خۆشیان دەرک بە ئەندازەی دژواری ڕوداوەکە ناکەن. ئەو جەماوەرە بە شێوەیەک تێکەڵ بە ڕوداوەکە بوون کە کۆنترۆڵی ڕەفتارەکانی خۆیان بۆ ناکرێت. من لێرەدا پاکانە بۆ ئەو جەماوەرە ناکەم، بەڵکو دەمەوێت باس لە تاوانێک بکەم کە لە سەردەمێکی ئاڵۆز و ئاستێکی بەرزی تەکنەلۆجیادا ئەنجام دەدرێت و هاوکات شێوازێکی پریماتیڤی هەیە. ئەم شێوەیە لە تاوان ئەو تاوانەیە کە ***ئەلبێرت کامۆ*** لە سەرەتای کتێبە بەناوبانگەکەیدا (**مرۆڤی یاخی**) باسی دەکات. ***ئەلبێرت کامۆ*** لە تاوانی ڕۆمەکان خۆشدەبێت کە دوژمنەکانیان بە دوای عارەبانەدا ڕادەکێشاو بە زیندوی دەرخواردی شێرو پڵنگیانیان دەدان. لای کامۆ ئەم شێوەیە لە تاوان موتیڤەکەی پیشان دانی شان و شکۆیە و بێبەرە لەو ڕەگەزە عەقڵی‌یەی کە تاوان لە سەردەمەکانی دواتردا پێی دەگات. واتا تاوانی پیلان بۆ کراو و پاکانە کراو بە لۆجیک.

بەلام جارێکی تر لە جوانە مەرگ کردنی **دوعادا** کۆنتراستێکی تر دەبینین کە لێخۆشبونی نی‌یە، ئەویش ئەنجام دانی تاوانێکی پریماتیڤە لە سێبەری دام و دەزگایەکی هاوچەرخدا و لە بەر لوتی پاسەوانە هاو چەرخەکانی ئەو دامودەزگایەدا.

لەو فیلمەدا کە لەسەر لاپەڕەکانی ئینتەرنێت بڵاو کراوەتە جگە لە بونی ژمارەیەکی زۆر منداڵ لە ناو جەماوەرەکەدا ئەوا کەسانیک بە جلی پۆلیسی‌یەوە دەبینرێن، بەڵام هیچ کاردانەوەیەک نی‌یە، هەوڵێک بۆ دەربازکردنی ئەو خوشکە جوانەمەرگە نادرێت لە چنگی بکوژانی. ئەمەش کاڵ فامی و دەستەوستانی دەزگاکانی بەرێوەبردنی وولات دەگەێنێت.

ئەو بێدەنگی‌یەی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە هەیە بەرامبەر ئەتک کردنی ڕەگەزی مێینەو کوشتنیان وا دەکات هەموو متمانەو باوەڕ پێکردنێک لە ئاستی ناخۆ و دەرەوە بدۆڕێنن.

ئەوەتا کار گەشتۆتە ڕادەیەک کە لەلایەن زۆر دام ودەزگای نێودەوڵەتی‌یەوە ڕەخنەیان لێبگیرێت. بە گویرەی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان، تەنها لە ماوەی ئەم سێ‌مانگەی ڕابردودا نزیکی 40 ئافرەت لەسەر کێشەی ناموس کوژراون. وە بە گوێرەی هەندێک ڕاپۆرتی تر ساڵانە چەند هەزار ئافرەتێک دەکۆژرێت.

کوشتنی دوعا لە لایەن هاوخوێنەکانی‌یەوە کە بە بشێک لە کۆمەڵگای کوردی دادەنرێن بە ئەنجام گەیەندراوە. ئەم گروپە ئیسلام نین و بە هۆی باوەڕە ئاینی‌یەکانیانەوە ساڵانێکی زۆرە ستەمیان لێدەکرێت و ئازار دەدرێن، ئەم گروپە جگە لە ئاین هیچ شتێکی تر لە کۆمەڵگای کوردیان جیاناکاتەوە. کەچی بە گشتی کەوتونەتە بەر ڕقی گشتی و لە زۆر جێگا پەلامار دەدرێن. ئەمەش جارێکی تر گۆڕینی ئاراستەی ڕاستەقینەی شتەکانە و خۆ پاککردنەوەو خۆبێ‌بەری کردنە لە تاوانەکە و بچوک کردنەوەی سنوری کولتوری کوشتن و سوکایەتی پێکردنی ئافرەتە بە جوگرافیای شێخان. ئێمە نابێت لە بیرمان بچێت ئەو چەند هەزار قوربانی‌یەی تر هەمویان هەر یەزیدی نین و ڕۆڵەی بەعشیقە نین.

کوشتنی ئافرەت لەسەر ناموس لە هەموو ناوچەکەدا بەر بڵاوەو شوناسنامەیەکی نەتەوەیی دیاری‌کراوی نی‌یە. بەڵام ئەوەی سەیرە هەمیشە کە ئافرەتێکی کورد لە وڵاتێکی ئەوروپی‌دا دەکوژرێت خێرا نوینەری ڕێکخراوە کولتوری و پارتە سیاسی‌یەکان دەکەونە خۆیان و دەیانەوێت بە ڕای گشتی بڵێن کە کورد میللەتێکی زۆر پێشکەوتوخوازە و ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردی‌دا خاوەنی هەموو مافەکانی‌یەتی. بەردەوامی بەم ئاڕاستەیە نامان گەیێنێت بە ئایندەیەکی باشتر، ئێمە نابێت لەوە بترسین کە لە خالە ڕەش لاوازەکانی خۆمان بدوێن و دەستنیشانیان کەین. کارل گوستاڤ یونگ، دەرون ناسی بەناوبانگ لە بۆنەیەکدا دەڵێت: ***گوناە نی‌یە لایەنی ڕەشمان هەیە، گوناە ئەوەیە لایەنە ڕەشەکانی خۆمان نەبینین.***

کوشتن لەسەر هەرچ شتێک بێت کۆتاییەکی ناخۆشە و ئەنجامی دژواری لێ دەبێتەوە کە بەمەرگی کەسی کوژراو کۆتایی نایەت، بەلک و خوینی قوربانی‌یەکە داوێنی زیندووەکان تا رۆژگارێکی درێژ بەرەڵا ناکات.

کوشتنی **دوعا** بەو شێوەیە، واتا بەردباران کردن، مێتودێکی کۆنە و مێژووی هەزاران ساڵی هەیە. لە ئنجیلدا مەسیح بەسەر ڕوداوێکی وادا دەچێت. خەڵکێکی زۆر کۆبنەتەوە و ئامادە بوون بۆ بەردباران کردنی ئافرەتێک کە بە تاوانی شکاندنی سنورەکانی ئەخلاق راگیراوە، مەسیح بانگ لە خەڵکەکە دەکات: ***کێ لە ئێوە گوناهی نەکردووە با یەکەم بەرد بهاوێت***. کەس دەنگ ناکات و کەسیش بەرد ناهاوێت. دوای ئەوەی ئەو مرۆڤانە بۆساتێک ڕوبەڕوی خۆ دەکرێنەوە، کەس ئازایەتی ئەوەی نی‌یە کەسێکی تر مەحکوم بکات..

*سەلام ئەحمەد نەبەرد*

*29/04/07 / سوید*